# بودجەی ساڵی/ 2012

وەك ئاشكرایە كە ڕێژەی داهاتی بوودجەی حكومەتی هەرێمی كوردستان ڕێژەی (98٪) لە داهات لە بودجەی عێراقی فیدرال , وبەشی حكومەتی هەرێم (17٪) یە پاش دەركردنی خەرجیەكانی سیادی( نفقات سیادیة) خەرجیەكانی حاكیمە (نفقات حاكمە).

كۆی بودجەی حكومەت عێراقی فیدرال بۆ ساڵی/2012 (117123) ملیار دینارە (سەد و حەڤدە ترلیۆن و سەد وبیست و سێ ملیار دینار), بەشی حكومەتی هەرێمی كوردستان (12604) ملیار دینارە (دوانزە ترلیۆن و شەش سەد و چوار ملیار دینار) ڕێژەی دەكاتە(10.7٪), هاوپێچ لیستی ژمارە (1) چۆنیەتی حساب كردنی بەشی حكومەتی هەرێم كە لایەن وەزارەتی دارایی فیدرال حساب كراوە.

| | مبلغ | ڕێژە 17٪ | لە17٪ دەبرن | بەشی حكومەتی هەرێم |
|---|---|---|---|---|
| كوی بووجە | 117123 | ---- | 19911 | ---- |
| كوی نفقات سیادی | 30997 | ٪26,47 | 5269 | ---- |
| كوی ماوە | 86126 | ---- | ---- | ---- |
| كوی نفقات حاكمە | 8952 | ٪7,65 | 1522 | ---- |
| كوی ماوە | 77174 | ---- | ---- | ---- |
| كوی تنمیە المحافظات | 6184 | | ٪5,28 | 1051 |
| 779 | | | | |
| كوی ماوە | 70990 | ---- | ---- | ---- |
| بترودولار المحافظات | 1676 | ٪1,43 | 285 | 42 |
| كوی ماوە | | 69314 | ٪59,18 | 8127 |
| 11 783 | | | | |
| بەشی حكومەتی هەرێم | | | | 12 604 |

00 كۆی بەشی حكومەتی هەرێمی كوردستان لە سالی داریی 2012 یەكسانە بە 12604 تەنها دوانزە ترلیۆن و شەش سەدو چوار ملیار دینار

گرفتەکانی پشکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بودجەی عێراقدا :-

یەکەم :- زیادبوونی خەرجیەکانی سیادی و حاکیمە. واتە زیاد بوونی خەرجیە سیادی و حاکیمە پشکی حکومەتی هەرێم کەم دەبێتەوە و هەرچەندە پشکی حکومەتی هەرێم لە نفقات حاکیمە دیاردەکرێت .

أ- خەرجییە سیادیەکان :- کە 41 برگە یە کۆی گشتی دەکات 30 ترلیۆن و 994 ملیار دینار رێژەی لە بودجە دەکات 26.47٪ .

ب- خەرجیی حاکیمە:- کە 7 برگە یە کۆی گشتی دەکات 8 ترلیۆن و 952 ملیار دینار رێژەی لە بودجە دەکات 7.65 ٪. بەپێی یاسا بودجەی عێراق 17 ٪ خەرجییەکانی حاکیمە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان تەرخان کراوە بەلاّم بەشێك لە خەرجییەکان لە ساڵانی رابردودا نەگەیشتبونەتە کوردستان.

1- سووتەمەنی بۆ وێستگەکانی بەرهەم هێنانی کارەبا . ناکۆکی مولکایەتی (نزاعات ملکیة) 100٪ نەگەیشتوتە کوردستان.

2- نفقاتی هەڵبژاردن (نفقات انتخابات)، سەرژمێری دانیشتوان (التعداد السكاني)، پاڵپشتی کردنی جوتیاران (دعم المزارعين)، چاودێری کۆمەڵایەتی (الرعايه الاجتماعيه)، لابردنی مین (ازاله الالغام)، نفقاتی حەج رێژەی 20٪ تاکو 50٪ گەیشتۆتە کوردستان.

3- دەرمان و پسولەی خۆراك (بطاقة المواد الغذائية) رێژەی 85٪ بە سەرەوە گەیشتە کوردستان.

ئەم خشتەیەی خوارەوە ووردەکاری خەرجیەکانی حاکمە لە عیراق و هەرێمی کوردستان روونندەکاتەوە:-

**ئەم خشتەیەی خوارەوە ووردەکاری خەرجیەکانی حاکمە لە عیراق و هەرێمی کوردستان ڕووندەکاتەوە:-**

**حصة حكومة الاقليم من النفقات الحاكمة للاعوام من (2005 – 2012)**

| ت | العنوان | سنة 2005 مليون دينار | سنة 2006 مليون دينار | سنة 2007 مليون دينار | سنة 2008 مليون دينار | سنة 2009 مليون دينار | سنة 2010 مليون دينار | سنة 2011 مليون دينار | سنة 2012 مليون دينار | المجموع الكلي مليون دينار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | البطاقة التموينية | 1020000 | 765000 | 667760 | 1187573 | 714000 | 595000 | 680000 | 680000 | 6309333 |
| 2 | الادوية | 147390 | 147390 | 22100 | 140047 | 213960 | 264690 | 264690 | 264690 | 1464957 |
| 3 | استيراد الطاقة الكهربائية | 76500 | 76500 | 51000 | 64337 | 96560 | 96560 | 96560 | 187000 | 745017 |
| 4 | نفقات الانتخابات | 47600 | 47600 | 64337 | | | 74601 | 31646 | 31646 | 297430 |
| 5 | التعداد السكاني | | 8108 | 10098 | 21454 | 16327 | 33892 | 28466 | | 118345 |
| 6 | دعم المزارعين | 51000 | 51000 | | | | | | 231200 | 333200 |
| 7 | الرعاية الاجتماعية | 7650 | | | | | | | | 7650 |
| 8 | ازالة الالغام | 5100 | | | | | | | | 5100 |
| 9 | نفقات الحج | 7650 | 7650 | | 10880 | 3690 | | | 8160 | 38030 |
| 10 | استيراد الوقود لمحطات توليد الطاقة الكهربائية | | 41650 | 123808 | 137190 | 102000 | 102000 | 102000 | 102000 | 710648 |
| 11 | نفقات حل النزاعات الملكية | 54740 | 51000 | 35190 | 51000 | 30753 | 17153 | 17153 | 17153 | 274142 |
| 12 | استيراد الوقود | 612000 | 653650 | | | | | | | 1265650 |
| | المجموع | 2029630 | 1849548 | 974293 | 1612481 | 1177290 | 1183896 | 1220515 | 1521849 | 11569502 |

**دووەم:-**

**کۆی دانیشتوانی عیراق 33 ملیون و 259 هەزار و 741 کەس.**

ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بە 4 ملیون 189 هەزار و702 کەس هەژمار کراوە, رێژەی 12,6٪ دەکات

1- بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکانی عیراق بەهەرێمی کوردستانەوە.
بری پەرە پێدانی هەرێمەکان 6 ترلیۆن و 184 ملیار دینار دەبرن بری 17٪ دەکاتە 1051 ملیار دینار.
بەلاّم بە رێژە نفوسی هەر سێ پارێزگای کوردستان, دەکاتە (779) ملیار دینار بەرێژەی 12.6٪ دەکات.

لێرە جیاوازی مبلغ (272) ملیار دینار= (1051 - 779) دینار دروست دەکات لە بڕی (1051) ملیار دینار کە رێژەکەی دەکاتە 17٪ لە پشکی حکومەتی کوردستان دەبرن وپاشان بڕی (9779 ملیار دینار زیاد دەکەن کە رێژەکەی دەکاتە 12.6٪ ، لێرە حکومەتی هەرێم رێژەی 4.4٪ زەرەر دەکات بە بری (272)ملیار دینار.
2- بترودولار.
بڕی (1) ترلیۆن و (676) ملیار دینار تخصیص کراوە بۆ پترو دولار لە هەموو پارێزگاکانی عیراق رێژە 17٪ دەکاتە (285)ملیار دینار بەلام بری تەرخان کراوە بۆ هەرێمی کوردستان 42.4 ملیار دینار. بەپێی یاسای بودجە ناردنی نەوت رۆژانە 175 هەزار بەرمیل نەوتی خاو حساب بکەین دەکاتە (74) ملیار و (733) ملیۆن دینار (175 هەزار برمیل نەوت x 365 رۆژ x یەك دولار بەرامبەر 1170 دیناری عیراقی ).
کەمکردنەوەی ژماری دانیشتوانی هەرێمی کوردستان کاریگەری لە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان دەکات وەك لە خشتەی خوارەوە روون کراوە.

| | ژمارەی دانشتیوان | پەرەپێدانی پارێزگاکان | پترۆدولار | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| هەموو عیراق | 259 741 33 | 6 183 838 | 676 187 1 | 7 860 025 |
| هەرێمی کوردستان | 189 702 4 | 779 164 | 42 400 | 821 564 |

چەند مادەیەك لە یاسای بودجە جێگای سەرنجە :-

مادەی 14 برگەی چوارەم وەزارەتی دارایی حکومەتی عیراقی فیدراڵ هەڵدەستێت بۆ تۆمارکردنی نرخی نەوت و غاز بەرهەمی هەرێم و پارێزگاکان دیار دەکات و پاشان تەسویەی دەکات..

بەڵام لە خشتەی بودجەی عیراق ئەم ساڵ وە ساڵانی پێشتر هیچ بڕە پارە دانەندراوە بۆ بەرهەمی خۆماڵی .

مادەی 13 برگەی پێنجەم هاتووە کە بە رێکەوتنێك لە نێوان سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق و سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان خەرجیەکانی هێزی پاسەوانی هەرێمی کوردستان (پێشمەرگە) بۆ دابینکردنی مووچە و چەك و پێداویستیەکان لە لایەن حکومەتی ناوەندیەوە بە شێوەی پێشینە خەرج دەکرێت بە جۆریەك بگونجێت لەگەڵ دەستوری عیراق تا یاسایەك دەردەچێت بۆ رێکخستنی پشکی پاسەوانی هەرێم.

لە ساڵی (2007) ە وە ئەم بابەتە بەشێوازی جیاواز لە یاسای بودجەدا هاتووە وە هیچ جێ بە جێ نەکراوە بۆ یە پێویستە بۆ بەدوادا چوونی و وەرگرتنی پشکی هەرێمی کوردستان وە لەسەر مستوای بەرز لێژنەی بۆ دروست بکرێت :

1- وەرگرتنی 17٪ سەرجەم خەرجییەکانی نفقاتی حاکیمە بەپێ ی یاسای بودجە کە مافی هەرێمی کوردستان بەساڵانی رابردو شەوە.
2- وەرگرتنی بەشێك لە بودجەی بەرگری عیراق لە ساڵی 2007 تاکو 2011 وساڵانە بودجەی وەزارەتی پێشمەرگە لە پشکی بودجەی هەرێمی کوردستان دابین دەکرێت بە پێ ی خشتەی خوارەوە:-

| 17٪ پشکی وەزارەتی پێشمەرگە<br>ملیون دینار | کۆی گشتی بری پارە بۆ بەرگری<br>ملیون دینار | ساڵ |
|---|---|---|
| 887 066 | 5 218 030 | 2007 |
| 1 079 831 | 6 351 944 | 2008 |
| 826 712 | 4 863 012 | 2009 |
| 974 750 | 5 733 825 | 2010 |
| 1 162 635 | 6 839 031 | 2011 |
| 4 930 994 | 29 005 842 | کۆی گشتی تاکو 2011/12/31 |
| 1 200 320 | 7 060 707 | 2012 |
| 6 131 314 | 36 066 549 | کۆی گشتی |

3- دیار کردنی ژمارەی فەرمی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان و جێکردنەوەی لە بودجەی ساڵی داهاتوو تاکو کاریگەری نەبێت لە پشکی حکومەت لە پەرەپێدانی پارێزگەکان .

4- کار کردن بۆ وەرگرتنی هەموو خەرجییەکانی سیادی ساڵانی رابردو کە خەرج نەکراوە و دەگەرێنرێتەوە و تەدویر دەکرێت ساڵانە.

5- بودجەی تەواوکراو (موازنة تكميلية) پێشکەشی پەرلەمانی عیراقی فیدرال بکرێت بە پێی مادەی (23) لە یاسای بودجە . لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی 2012 لە زیاد بوونی نرخی نەوت کە ئامادە دەکرێت پاش دەرکردنی کورت هێنانی بودجە (عجز) .

دەبێت پشکی حکومەتی هەرێم پاش دەرکردنی نفقاتی سیادی و حاکیمە ئەگەر هەبێت دەربکرێت پاشان رێژەی 17٪ بدرێتە هەرێمی کوردستان .

1- لابردنی کورت هێنانی بودجە (عجز) لە کۆتایی ساڵ دەربچێت

2- برەکانی کە ئیشارەی پێدراوە هیچ پەیوەندی بە کوردستان نیە .

3- لە مادەی (2) ثانیا (و) تەرخان کردنی 25٪ لەزیادەی داهاتی ناردنی نەوت لە ساڵی 2012 پاش دەرکردنی کورت هێنانەکە (عجز) ایداع دەکرێت لە صندوق و دابەش دەکرێت نقدا بۆ هەموو دانیشتوانی عیراق.

6- لە یاسای بودجەی عیراق ساڵی 2011 مادەی 24 ثانیا

وەزیری دارایی عیراقی فیدرال دەسەلاتدارە بە گەرانەوەی تەرخانکراوی داهاتەکانی فعلی لە دەروازە سنوریەکان کە داهاتەکانی سیادیش دەگرێتەوە لە ساڵی 2010 وە خستنەوەی بۆ سەر بودجەی پارێزگاکانی سنوری .

بەلام لەبودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2011 بڕی (705) ملیار داندرابوو (305) ملیار بۆ ساڵی 2010 و (400) ملیار بۆ ساڵی 2011 خەملێندراوە

بەلام وەزارەتی دارایی عیراقی فیدرال رێنمایی تازەی دەرکردوە بە نووسراویان ژمارە 10989 لە 2012/2/27 کە داهاتی گومرگەکانی دیارکردوە و اعادە دەکرێت بۆ پارێزگاکان بە پێچەوانەی یاسای بودجەی عیراق

تەنها ئەم رسوماتانە اعادە دەکرێتەوە :-

1- رسومی هێنانەوەی تەرمی بەرەگەز عیراقی کە جنسیەی تری وەرگرتوە .

2- رسومی گەشتیاران ( مسافرین)

3- کرێی خزمەت گوزاری نیشتنەوەی فرۆکە

4- رسومی ئۆتۆمبێل کە دەردەچن بۆ دەرەوەی عیراق

5- رسومی دوبارە ئاوەدانکردنەوە ( اعادە الاعمار)

6- لە سالی 2010 بڕی (305) ملیار دینار تەنها 8 ملیار دینار اعادە کراوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان کە رێژەکەی دەکاتە 2.6 ٪ بە رێنمایی سەرەوە.

حکومەتی هەرێم ئاگاداری هیچ یەکیك لەم خالأنە نیە:-

1- سیاسەتی دارایی عێراقی فیدرال, راستە بە پیٌ ی دەستوور ماددەی (110) سیاسەتی دارایی لە اختصاصی پیشینەکانی فیدرال, بەلام بە پیٌ ی ماددەی یەکەی (114) لە دەستوور سیاسەتی تەواو وپەرەپێدان لە هەموو عێراق, دەسەلأتی هاوبەشە لەگەل سەنتەر وبازرگانی وحکومەت وهەرێمەکان لەکاتی دانانی سیاسەتی دارایی.

2- سیاسەتی نەختینەی حکومەتی عێراقی فیدرال.

3- ئامادەکردنی پێداویستەکان ویەکەکانی بوودجەی.

4- دانانی نرخی بەرمیلی نەوت کە دەخەملێندرێت بە (85) دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك.

5- رۆژانە خەملێندراوە 2600000 بەرمیل نەوت دەرهاویشتە بکرێت وەلەناوەرۆکی ئەم ژمارەیە 175 هەزار بەرمیل نەوت (سەد و حەفتا و پێنج هەزار) رۆژانە بۆ کوردستان خەملێندراوە.

6- نرخ خەرجی هەر دولارێك فرۆشتنی نەوت بۆ دەرەوە بە (1170)دینار حساب کراوە.

7- قەرزەکانی دەرەوە وقەربووەکانی نێودەولەتی ڕۆلی خۆی دەبینێت.

وئیمە لە ریگای نوێنەرمان لە وەزارەتی دارایی حکومەتی عێراقی فیدرال (فەرمانبەری حکومەتی هەرێم + وەزارەتی دارایی وئابووری), بودجەی عێراقی

فیـدرال وبەشـی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان وەرمـانگرتووە کـە پێشـتر باسمـان کردووە.

بە نووسراوی وەزارەتی دارایی فیـدرال/ فەرمانگـەی بودجـەی ژمـارە (29602) لـە 2011/6/6 داوا کراوە لە حکومەتی هەرێمی کوردسـتان پێشـنیار کـراو (تقـدیراتی) بودجەی ساڵی/2012 بەپەلە رەوانەبکەن وەك هـەموو سـاڵ بـە نووسـراومان ژمـارە (12312)/لە 2011/6/29 کە بەم شیوەی خوارەوە خەملێندراوە:-

1- نفقات تشغیلیة (12401) ملیار
2- نفقات استثماریة (6500) ملیار
3- داهات (450) ملیار
4- میلاکات (675849) کەس

وەزارەتی دارایی وئابووری پاش ئامـادەکرنی پێداویستیـەکانی بودجـە بـە نووسـراوی ژمارە (152821) لە 2011/8/8. داوا لە هەموو فەرمانگەکانی حکومـەتی هـەرێم کراوە لە گـەڵ رێنماییـەکانی ئامـادە کردنـی بودجـەی تشغیلی دووبـارە تأکیـد کـراوە بەنووسـراوی ژمـارە (17995) لـە 2011/9/5 بـە پەلـە کردنـی بـە زۆتـرین کـات بوودجەی ساڵی/2012 بۆمان بنێرنەوە بە پێچەوانەی ئەوەش بەرپرسیار دەبن.
بە نووسراومان ژمارە (18600) لە 2011/9/28 خشتەی کاتی تاوتۆکردن لەسـەر بودجەی ساڵی/2012 دیار کرا لە 2011/10/2 تاکۆ 2011/10/30.
و بـە نووسـراومان ژمـارە (18601) لـە 2011/9/28 بریـار درا بـە پێـك هێنـانی لێژنەیەکی باڵا بۆ تاوتۆکردنی بودجەی ئاسایی لە گەڵ وەزارەتەکان.

## • بودجەی گشتی لە دوو سیستەم پێك دێت:-

1- سیستەمی یەکەم :- بوودجەی کەرتی حکومی کە بە شـێوەی مەڵبەنـدی (مرکـزی) تەمویل کراوە لە دوو بەش پێك دێت:-
   أ- بودجەی گشتی ڕەوان (جاری).
   ب- بودجەی گشتی وەبەرهێنان (أستثماري).
2- سیستەمی دووەم:- بودجـەی یـەکگرتوو بـۆ یەکـەکانی چالاکی خزمـەتگوزاری یـان ئـابووری یـان بەرهـەم هێنـان کەبەشـێوەی مەڵبەنـدی تـەمویل کـراون وڕەسـیدی حیسابی ئەنجام بە دیار دەخات لە بوودجەی گشتی.

- **دابەشینی بودجەی ڕەوانی خستنەکار (تقسیمات الموازنة الجارية التشغيلية)**

1- دابەشینی کارگێری:- دابەش دەکرێتە سەر ئەو یەکانەی کە بودجە جێ بە جێ ی دەکەن لە سەر باب (على الباب) وەك وەزارەت یان فەرمانگەی نە بەستراو بە وەزارەت لە پاشان بەشی بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکان وپێکهاتەکانی سەرەکی بەستراو بە وەزارەت خشتەی هاوپێچ بۆ دابەشینە کارگێرییەکەیە.

2- دابەشینی ئابووری:- بەپێ ی ئەم دابەشینە خەرجیەکان دابەش دەکرێن بەپێ ی کاریگەری ئابووری بۆ چەند بەشێك وهەر بەشێك پێ دەوترێت بەش (قسم)، بودجە لە (قەربووکردنەوەی فەرمانبەران، کالا وخزمەتگوزاری وپاراستن، باربووەکان ، بەخشینەکان ، سوودە کۆمەلایەتیەکان ، خەرجیەکانی تر، هەبووەکانی غەیری دارایی) پێك دێت، خشتەی هاوپێچ بۆ دابەشینە ئابوورییەکە

3 - دابەشینی وەزیفی:- بودجە دابەش دەکرێت بەپێ ی وەزیفە سەرەکییەکان وەك (ئاسایش , بەرگری , تەندروستی , فێرکردن , کشتوکاڵ , بازرگانی ,............هتد )

4- بری (10745797) ملیۆن دینار تەرخان کراوە بۆ بودجەی ئاسایی و بە پی ی کەرتەکان وە چالاکییەکان (القطاعات والانشطة) دابەش کراوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

1- نفقاتی بەگری و ئاسایش (2981403) ملیۆن دینارە.

2- نفقاتی خزمەت گوزاری کۆمەلایەتی (1271720) ملیۆن دینارە.

3- نفقاتی بەرێوەبەرایەتییەکانی (التمويل المركزي) (465576) ملیۆن دینارە.

4- نفقاتی کەرتەکان (قطاعات)

أ- پەروەردە وخوێندنی بالا (2233462) ملیۆن دینارە.

ب- ووزە (کارەبا + سامانە سروشتیەکان) (1122613) ملیۆن دینارە.

جـ- تەندروستی (534819) ملیۆن دینارە.

د- ئاوادن کردنەوە و نیشتەجێ (97945) ملیۆن دینارە.

هـ- کشتوکاڵ (276835) ملیۆن دینارە.

و-  کەرتەکانی تر                                    (1761424)   ملیۆن دیناره.

شایانی باسه ئێمه وەك حکومـەتی هـەرێم هـیچ بەشداریەکمان نـەبووه تـا ئیستا لـه دانانی بودجەی عێراق وه پاساوی ئەم پەشداری نەکردنـه ئەگێڕنـەوه بـۆ دەسـتوری عێراق که تیایدا سیاسەتی دارایی فیدڕاڵیه , وتەنانـەت دوای ئـەوەی بەشـه بودجـەی هەرێم دیاری ئەکرێت ئینجا ڕێگا ئەدرێت پێمـان کـه گفتوگۆ بکـەین لەسـەری ولـەو حالەتــەدا بنــەما ســەرەکیەکانی بودجــه تــەواو بــوه ونێــدراوه بــۆ ســەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بۆیه دەستکاری کردنی ئەو خشتانه کارێکی ئاسـان نیـه وسالأنه تووشـی گرفتمـان ئـەکات , بەهـەر حـاڵ ئێمـەش وەك وەزارەتـی دارایـی دوای گفتوگۆ لەگەڵ وەزارەتەکانی هـەرێم وهـەوڵ دان بـۆ دابـین کـردنــی پێداویستیەکـان بـه پـێ ی توانـاو جـێ بـەجێ کردنـی پڕۆژەکـان گەیشـتینه ئـەم ئەنجامانـەی کەلـه خوارەوه ئەیخەینه ڕوو:-

یەکەم:- خەملأنـدنی بودجـەی حکومـەتی هـەرێم کـراوه بـۆ سـالی/2012 ی دارایـی لەلایەن وەزاریتی دارایی فیدرال:-

1- خەملأندنی داهاتی هەریم بڕی (6932) ترلیـۆن دینـار بـۆ سـالی/2012. مبلـغ (6,265) ترلیۆن دینار داهات نەوت کە روژانـه 175000 هـەزار برمیـل نـەوت رۆژانه وەردەگیرێت.

2- خەملأنــدنی خــەرجی بەشــی حکومــەتی هــەرێمی کوردســتان بــڕی (12604) ترلیۆن دیناره.

**دووەم: 1- خەملاّندنی داهاتی حکومەتی هەرێم بۆ ساڵی / 2012 ی دارایی**

| بابەت | پەسەنکراوی ساڵی / 2011 دینار / ملیار | خەملێنراوی ساڵی / 2012 دینار / ملیار |
|---|---|---|
| باجەکان | 277 | 236 |
| داهاتی جۆراوجۆر | 122 | 240 |
| فرۆشتنی هەبووەکانی نا دارایی | 1 | |
| | **400** | **476** |

**2- خەملاّندنی بودجەی حکومەتی هەرێم بۆ ساڵی/ 2012 ی دارایی:-**

| بابەت | بووجە سالی 2011 | | | بووجە سالی 2012 | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دینار / ملیار بودجە | رێژە ٪ لە بودجەی ئاسایی | رێژە ٪ لە بودجەی گشتی | دینار / ملیار بودجە | رێژە ٪ لە بودجەی ئاسایی | رێژە ٪ لە بودجەی گشتی |
| موچەی فەرمانبەران | 5959 | ٪ 64.42 | ٪ 42.72 | 6875 | ٪ 63.98 | ٪ 45.10 |
| شمەك و خزمەت و چاككردن | 1511 | ٪ 16.34 | ٪ 10.83 | 1626 | ٪ 15.13 | ٪ 10.67 |
| باربوو (اعانات) | 126 | ٪ 1.36 | ٪ 0.90 | 115 | ٪ 1.07 | ٪ 0.75 |
| بەخشین (منح) | 655 | ٪ 7.08 | ٪ 4.70 | 630 | ٪ 5.86 | ٪ 4.13 |
| سودە کۆمەلایەتیەکان | 345 | ٪ 3.73 | ٪ 2.47 | 633 | ٪ 5.89 | ٪ 4.15 |
| خەرجیەکانی تر | 506 | ٪ 5.47 | ٪ 3.63 | 727 | ٪ 6.77 | ٪ 4.77 |
| مەوجوداتی نادارایی | 148 | ٪ 1.60 | ٪ 1.6 | 139 | ٪ 1.30 | ٪ 0.91 |
| كۆی بودجەی ئاسایی | 9250 | ٪100 | ٪ 66.31 | 10745 | ٪ 100 | ٪ 70.48 |
| بودجەی سەرمایەداری (استثماري) | 4700 | | ٪ 33.69 | 4500 | | ٪ 29.52 |
| كۆی بودجە | 13950 | | ٪100 | 15245 | | ٪ 100 |

تێبینیەكان:

1- ئەو برە پارەیەی كە دابین دەكرێت بۆ هەرێمی كوردستان تا ئیستاش بە ووردی دیاری نەكراوە و ئەژمار كردنی كۆتایی بودجەی لە وەزارەتی دارایی فیدراڵ بەشە بودجەی هەرێمی كوردستانی دیاری كردووە بە (12604) ملیار دینارە (دوانزە هەزار و شەش سەد وچوار ملیار دینار) بەم شێوازەی خوارەوە دابەش كراوە كە عجزی لە گەڵدایە.

| دینار / ملیار | |
|---|---|
| 10745 | بودجەی بەكاربردن و مووچە |
| 4500 | بودجەی پرۆژەكان |
| 15245 | كۆی گشتی |

ئەگەر بەراوردێك بكەین لە نێوان ڕێژەی بودجەی بەكاربردن وبودجەی پرۆژەكان لە عێراق وحكومەتی هەرێم بۆمان دەر ئەكەوێت كە بەم جۆرەیە:

| | عێراق فیدراڵ | | حكومەتی هەرێم | |
|---|---|---|---|---|
| | بر | ڕێژە | بر | ڕێژە |
| أ- بودجەی بەكاربردن | 8703 | ٪69 | 10745 | ٪70.48 |
| ب- بودجەی پرۆژەكان | 3901 | ٪31 | 4500 | ٪29.52 |
| كۆی | 12604 | ٪100 | 15245 | ٪100 |

هاوپێچ وێنەیەك لەسەر ئاستی وەزارەتەكان. خشتەی ژمارە (2).

2- ئەگەر بێت و ڕێژەی خەرج كردنی مووچە دەربهێنن بە بەراورد لەگەڵ كۆی بودجەی ئاسایی واتە بودجەی بەكاربردن بۆمان دەردەكەوێت كە ڕێژەی مووچە (٪63.98) دەكات لە كۆی بودجە وەك لە لیستەكانی بودجەدا دەرخراوە0

زیاد بوونی بەشی موچەی فەرمانبەران وەلەم ساڵدا بڕی (6875) دینار (شەش تریلیون وهەشت سەد وحەفتا وپێنچ ملیار) دینار لەبەر ئەم هۆیانە:-

أ- له بودجه 17000 درجه استحداث كراوه.

ب- زیاد بوونی بە ڕێژەی 50٪ لە مووچەی (پیشمەرگە - پولیس - ئاسایش) ژماریان (266)هەزار كەس.

جـ- زیاد بوونی مبلغی 150 هەزار دینار وەك دەرمالە بۆ هەموو فەرمانبەرانی وەزارەتی پەروەردە كە ژمارەیان (160) هەزار كەس.

د- ترفیع و علاوه ی فەرمانبەران لە سالی 2012.

بەلام ژمارەی فەرمانبەران 2 ملیۆن 750 هەزار 322 كەس لە بودجەی گشتی عیراق فیدرال سالی 2012 بەم شیوەیە:

2087878 درجە/ پارێزگاكان حكومەتی مركزی ڕێژە 76٪.

<u>662444 درجە / حكومەتی هەرێم كوردستان ڕێژە 24٪.</u>

2750322 كۆی گشتی.

بۆ دابین كردنی كاربا پێویستی بە 5000 پێنچ هەزار ملیار لتر گازویل هەیە بۆ سالێك بە نرخی 1.200 دینار كە گوژمەكەی دەكاتە 6 ترلیۆن دینار 5 ترلیۆن دینار لە بەرهەم ناوخۆ لە نەوت و غاز دابین دەكرێت.

3- بەشی باربووەكان ( اعانات):- پێدراوەكانی ڕەوەن بە پێ ی بەرامبەر كە فەرمانگەكانی حكومەت پێشكەشی دەكات بۆ بەرهەمهێنەرەكان نەوەك بەكارهێنەڕەكان, ئەگەر بیت بڕ وەرێژی خەرج كردنی باربوو(اعانات) دەربهێنن بە بەراورد لەگەل بودجەی ئاسایی واتە بە بەكاربردن بۆمان دەردەكەوێت كە ڕێژەی باربووەكان (اعانات) مبلغی (115) كە بری (65) ملیار دینار بۆ (كشتوكالّ بۆ پشتگیری جوتیار) وەك بەرهەمی كشتوكالّی ( پەلەوەر, تۆ ، سماد...هتد ) و مبلغی (50) ملیار بۆ ناوچە دابەرەكان.

4- بەشی بەخشین (منح) (630) ملیار دینار لە ئەنجامی کۆتایی بودجەی تخطیطي فەرمانگەکانی خوارەوە:-

| ملیار /دینار | |
|---|---|
| 44 | بەنگەکانی بازرگانی وکومپانیەکانی دڵنیایی |
| 29 | فرۆکەخانەکانی هەولێر وسلێمانی |
| 392 | شارەوانییەکان |
| 50 | دەستەی وەبەرهێنان |
| 515 | کۆی |
| 115 | رێکخراوەکان زانستی ورۆشنبیری ورێکخراوەکانی تر ولێژنەی ئۆلۆمپی و پارا ئۆلۆمپی وەیەکیتیەکانی وەرزشی |
| 630 | کۆی گشتی |
| | |

5- سودە کۆمەلایەتیەکانی:- پاراستنی کۆمەڵ بەگشتی یان بەشێکی لە مەترسیەکانی کۆمەڵایەتی وەك پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییەکانی فێرکردن یان پزیشکی , قەربووکردنەوەی بێ کاری , مووچەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی وئەو سوودانەی کە پێشکەش دەکرێن لە کاتی مردن.

أ- لە وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی بڕی (400) ملیار دینار دەدرێت بۆ دانی مووچەی ( شلل دماغ , نابینایان, کۆرتەباڵاکان . نابیستەکان ، تالاسیمیا ,

هیمۆفیلیا , چاودێری خێزان , کەم ئەندامان , نەخۆشی ئۆتیزم ...هتد) وموووچەی خانەنشینی کار ودەستەبەری کۆمەلأیەتی.

ب- وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالەکان (49) ملیار بۆ زیندانی سیاسی ومنحە پێشینەی هاوسەر گیری و خەرجی خوێندنی کور و کچی شهید لە زانکۆیەکان.

ج- وەزارەتی رۆشنبیری (11) ملیار بۆ مووچە رێزلینانی (رۆژنامەنوسی، هونەر، وەرزش).

د- وەزارەتی ناوخۆ (10.7) ملیار بۆ پێدانی مووچەی مختارەکان و پێشینە پارێزگەکان

هـ- وەزارەتی تەندروستی خەرجی (7.6) ملیار بۆ چارەسەرکردنی نەخۆش.

6- خەرجییەکانی تر لە بودجەی ئاسایی (727) ملیار دینار رێژەی (6.77 ٪) کە بریتیە:-

| | ملیار /دینار |
|---|---|
| دەرماڵەی قوتابیان | 48 |
| توانا سازی | 120 |
| بەخشینی حیزبەکان وسەندیکاکان ویەکێتیەکان وکۆمەڵەکان وسەنتەرەکان ........هتد | 200 |
| یەدەك( احتیاط) | 200 |
| کرێیەکانی جۆرا وجۆر, پاداشت بۆ غەیری کارمەندان,پاداشتی هەواڵبەرەکان وهاوکارانیان , برە گەڕاوەکانی جۆراوجۆر , چالاکییەکانی دیدەوانی وەرزشی وقوتابخانەکان, سرینەوەی قەرزەکان (اطفاء الدیون) , زەرەری گۆڕینەوەی دراو, قەربووەکانی قوربانیان, قەربووەکانی جۆراوجۆر | 159 |
| کۆی | 727 |

7- لیستی پرۆژەکان لە لایەن وەزارەتی پلان دانانەوە بە هاوکاری وەزارەتمان دانـراوە و پێك هاتووە لە دوو بەش بەم شێوەیەی خوارەوە:-

| دینار / ملیار | |
|---|---|
| 3679 | پارەی پێویست بۆ پرۆژە بەردەوامەکان وتازە بۆ ساڵی 2012. |
| 821 | بودجەی پەرپێدانی پارێزگاکان وبترودولار0 |
| 4500 | کۆی |

8- تەرخان کراو بۆ کرێ کارەبا وسوتەمەنی لە بودجەی ساڵی/2012 بەراورد لەگەڵ بودجەی ساڵی 2011 لە وەزارەتی کارەبا و سامانە سروشتیەکان کە تایبەتە بە پروژەی کارەبا:

| | پەسندکراوی ساڵی/ 2011 | خەرجی ساڵی/2011 | پەسندکراوی ساڵی/2012 |
|---|---|---|---|
| کارەبا | 379 | 633 | 350 |
| سوتەمەنی | 306 | 487 | 501 |
| | 685 | | 1120 |
| 851 | | | |

خەرجی زیادە رەوی لە پەسندکراوی بودجەی ساڵی/2011 دەکاتە 435 ملیار دینار

9- رێژەی جێ بە جێ بودجەی وەبەرهێنان لە ساڵی/2011 دەکاتە 53٪ لە کۆی گشتی تەرخانکراوی (4.700) ترلیۆن.

10- حکومەتی اتحادی (بەغداد) قەرز دەداتە هاوەلاَتی لە ڕێگای بانکی کشتوکالَ و پیشەسازی وبانکی خانووبەرە وسندوقی نیشتەجێ. بە بێ سود و وەزارەتی دارایی ڕێژەی سودەکە دەگرێتە ئەستۆی. بەلاَم بانکی کشتوکالَ و پیشەسازی وبانکی خانووبەرە وسندوقی نیشتەجێ بوونی حکومەتی هەرێم هیچ سەرمایەیەکی دارایی نیە تاکو بتوانێت ئەم بریارە جێ بە جێ بکات وەك خۆی، وەلەبەر ئەوە وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێم هەلَدەستێت بە جێ بە جێ کردنی ئەم بریارە بەم شێوەی لای خوارەوە:-

1- دانی قەرز بۆ هاولاَتی لە ڕێگای بانکی کشتوکالَ و پیشەسازی وبانکی خانووبەرە وسندوقی نیشتەجێ.

2- وەزارەتی دارایی و ئابووری ئەم قەرزە دەداتە هاولاَتیان بە بێ سود.

وەزارەتی دارایی و ئابووری